# ئەوەی نوێژی تەراویح ئەنجامبدات لە شەوی قەدردا بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی نوێژی تەراویح ئەنجامبدات لە شەوی قەدردا بە باوەڕ وئیمانەوە وچاوەڕێی پاداشت بێت لەسەری لە لایەن خوداوە؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی فەزڵی تەراویح دەکات لە شەوی قەدردا کە لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندایە، وهەرکەسێک کۆشش بکات تێیدا بە نوێژکردن ونزا وقورئان خوێندن ویادی خوای گەورە، وباوەڕی پێی هەبێت وبەو فەزڵەی سەبارەتی هاتووە، وهیوای بە پاداشتی الله بێـت -سبحانه وتعالى-، نەک بۆ ڕیا وناوبانگ بێت، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆشدەبێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee